٢١٣

هانز ئەندرسن

# قورینگ

عەزیز گەردی

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی پەیام

زنجیرە (٣)

Scanned with CamScanner

# قورینگ

لە شوێنێکی زۆر زۆر دوور ٠ لەو شوێنەی کە پەڕەسێلکە سەفەری بۆ دەکەن ، پاشایـەك هەبوو ٠ ئەو پاشایە یازدە کوڕ و یەك تاقە کچی هەبوو ٠ کچەکەی ناوی ( ئیلزا ـ شلێر ) بوو ٠ یازدە براکەش هەموو کوڕە پاشای کۆك بوون ٠ دەچوونە قوتابخانە ٠ یەکەو ئەستێرەیـان بـە بەرۆکەوە و یەکەو شیریان بـە کەمەرەوە بوو ٠ قەڵەمیان زێڕ بوو ٠ لە باتی قاقەز لەسەر پارچە زێڕیان دەنووسیی ٠ دەرسەکانیان وەکو ئاو و دۆ لەبەر دەکرد٠ سەرت نەیەشێنم، هەرکەسێ چاوی پێ بکەوتنایە دەیـزانی ئەوانـە کـوڕە پاشان ٠



Scanned with CamScanner

شلێری خوشکیان هەموو گاوێ لەسەر کورسی یەکی بچووکی شووشە دادەنیشت . ئەلبومێکی هەبوو نیوەی وولاتی پێ درابوو

ئەو منداڵانە ماوەیەکی زۆر بە خۆشی رایانبوارد بەڵام خۆشی بۆ کێیە تاسەر ؟ دایکیان مرد . پاش ماوەیەك باوکیان کە پاشای سەرانسەری وولات بوو ژنێکی تری هێنا . ژنێکی سیحرباز و بەدخوو بوو . قەت سکی بەو منداڵە بەستەزمانانە نەدەسووتا . منداڵەکان هەر لە یەکەم رۆژەوە دڵڕەقی زڕدایکیان بۆ دەرکەوت . ئاهەنگێکی گەورە بوو لە کۆشکی پاشادا . منداڵەکان خەریکی یاری مێوان ـ مێوانانێ بوون بەڵام لەباتی ئەوەی وەکو جاران کێك و سێویان بدەنێ گەمەی پێ بکەن ، زڕدایکی کەحێل تەنیا پیاڵەقومێکی لەپێش دانان تا خۆیانی پێوە بخافڵێنن .

دوای هەفتەیەك شاژنی بەدخوو شلێری بچکۆلانەی ڕەوانەی لادێ کرد بۆ ئەوەی لەوێ لە ماڵە جوتیارێك بژی . پاشایشی بە جۆرێکی وا لە کوڕەکان هار کرد هیچ نەما پێیان نەکات .



Scanned with CamScanner

شاژن سیحرباز بوو ، ڕۆژێکیان سیحری لە کوڕەکان کرد و تێی ڕاخوڕین : « کوڕم ، ئێوە زڕتوزەلامن . دونیاش پان و بەرینە . بڕۆن خۆتان بەخێوکەن . بڕۆن ببن بە مەلی زل و بەبێ دەنگ لەم وولاتە بڕۆنە دەرەوە . »

ژنە هەر هێندە ئەم قسانەی لە دەم هاتە دەرێ ، هەر یازدە کوڕ بوون بە یازدە قورینگی جوان . قیڕەیان لێ هەستا و لە شەقەی بالیان دا و بە پەنجەرەدا چوونە دەرێ و بەسەر باخچە و دارستانەکاندا هەلفڕین .

تاریك و ڕوونی بەیانی بوو ، کە گەیشتنە لای زنجی ئەو جوتیارەی شلێری خوشکیانی لێ بوو . شلێر لە پرخوهۆڕی خەودا بوو . قورینگەکان بە سەربانیاندا سووڕانەوە . ملی درێژیان بەملاو ئەولادا ڕاکێشا و بالیان لێك کردەوە بەلام نە کەس گوێی لە دەنگی بوون ، نە کەسیش چاوی پێ کەوتن . ناچار بەرزبوونەوە تا گەیشتنە ناو هەوران و ڕۆیشتن دوور کەوتنەوە . بەسەر دارستانێکی



Scanned with CamScanner

چڕ و تاریکدا هەلفرین که داوێنی گەیشتبوه لێواری دەریا ·

شلێری بچکۆله و سەربەهەش لەو ماله جو تیاره هەژارەدا هیچ لەیستۆکی نەبوو · یاری بە گەلای سەوزی داران دەکرد · گەلایەکی پانی دەهێنا ، کونێکی تێ دەکرد ، دەیدایه بەرچاوی خۆی و لەو کونەوه تەماشای ڕۆژی دەکرد ڕۆژ لەو کونەوه وەکو چاوی گەشی براکانی وابوو · که تیشکی گەرمی ڕۆژی بە ڕوومەت دەکەوت یەکسەر ماچی براکانی بە بیر دەهاتەوه ·

شلێر ماوەیەك بەم تەرزه ژیا · هەموو جارێ که بەناو تانۆکی گولاندا دەهاتەوه مالێ · دەیچرپاندە گوێی گولەباخەکان :

« ئەرێ کێ لە ئێوه جوانتره ؟ » ·

ئەوانیش سەریان بادەدا و دەیانگوت : « شلێر · » .

یەك شەموان که پیرەژن لەبەر دەرگای مالێ دادەنیشت و دوعای دەخوێند و پەڕەی



Scanned with CamScanner

کتێبەکەی هەڵدەدایەوە ۰ بە کتێبەکەی دەگوت:
« ئەرێ کێ لە تۆ بە دینترە ؟ » ۰ کتێبەکە وەڵامی
دەدایەوە : « شلێر » ۰

گوڵەباخ و کتێبی ویردخوانی ڕاست
دەکەن ۰ کەس لە شلێر جوانتر و بە دینتر
نەبوو ۰

شلێر کە بوو بە پازدەساڵی گەڕایەوە ماڵی
باوکی ۰ کە زڕدایکی چاوی پێ کەوت
ئەوەندە جوان و ناسك بەدەنە ، چاوی
پەڕییە پشتی سەری ۰ بەو باوەکو براکانی بیکا
بە قورینگ ، بەڵام لەبەر ئەوەی پاشا داوای
کردبوو چاوی بە کچە بکەوێ ، نەوێرا وای
لێ بکات ۰

بەیانی زوو ، شاژن چووە سەرشۆرکێ ۰
سەرشۆرکەکە مەڕمەڕ بوو ۰ بە کوشینی
نەرم و مافووری ڕەنگ ـ ڕەنگ ڕازابووەوە ۰
شاژن سێ بۆقی لەگەڵ خۆی برد ۰ یەکەو ماچی
لێ کردن . بە یەکەمی گوت :

« کە شلێر چووە ناو تەشتێ ، بازدە
سەرسەری و وەکو خۆت خاو و خلیچکی بکە ۰ »



Scanned with CamScanner

بە دووەمی گوت :

« تۆش برۆ سەر تەختی نێوچەوانی و وەکو خۆت بێزەوەری بکە ، تا باوکی نەیناسێتەوە . »

بە گوێی سێیەمیشی دا چرپاند :

« برۆ سەر ، سەر دلی و خورپەی وا شوومی بخەرە دڵ تا ماوە تۆخە لە خۆی نەکات . »

ئنجا بۆقەکانی فڕێدا ناو ئاوی ڕون و ئاوەکە یەکسەر سەوز هەڵگەڕا . بانگی شلێری کرد . ڕووتی کردەوە . خستیە ناو ئاوەکە . کە شلێر ڕاکشا ، بۆقی یەکەم چووە ناو پرچی یەوە . دووەم بازی دا سەر تەختی نێوچەوانی . سێیەم بازیدا سەرسنگی . بەڵام شلێر هیچ نەگۆڕا . کە هەستایەوە دیتی سێ گوڵە خاشخاشی سوور لەسەر ئاوەکە دەگەڕان .

شتەکە وابوو ، ئەگەر ئەو گیاندارانە ژەهراوی نەبوونایە و ژنەی سیحرباز ماچی بکردنایە دەبوونە گوڵە خاشخاش . هەر واش بوو . بۆیە هەرسێ بۆقەکە بوون بە گوڵ . کچە خۆیشی ئەوەندە داوێن پاك و دیندار بوو سیحر کاری لێ نەدەکرد .



Scanned with CamScanner

شاژنی بەدخوو کە ئەمەی بینی، هەستا کچەی بە ئاوی گوێز چەور کرد؛ بۆ ئەوەی ڕەنگی زۆ ڕەش و قاوەیی بێت. هەتوانێکی لە دەم و چاوی دا بۆنی زۆر زۆر ناخۆش بوو. پرچیشی پێ هۆنی یەوە. شلێری نازدار وای لێهات کەس نەیدەناسی یەوە.

کە باوکی چاوی پێکەوت. نەیناسی یەوە. قێزی لێ کردەوە. گوتی ئەم کچە کچی من نی یە. بێجگە لە سەگ و پەڕەسێلکە کەس نەیدەناسی یەوە و ڕێزی نەدەگرت. بەلام ئەوانیش بەستەزمان بوون و قسەیان پێ نەدەکرا.

شلێری بابان کوێر سەری نایە گریان. یازدە براکەی هاتەوە یاد. بە مات و غەمگینی خۆی لە کۆشکێ دزی یەوە. ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ بەناو زەوی و زەندۆل و زەلکاوان‌دا سووڕایەوە تا گەیشتە دارستانێکی گەورە. نەیدەزانی بە کوێ‌دا بچێ. تا بلێی پەست و پەرۆشی براکانی بوو کە ئەوانیش وەکو ئەو شاربەدەر کرابوون و کەس نەیدەزانی سەریان بۆ کوێ

هەلگرتووە . بەلام کچە بڕیاری دا هەر بیاندۆزێتەوە .

گەیشتە دارستانەکە ، شەوی بەسەردا هات . هیچ ئاوەدانی نەبوو ، لەسەر پەلە قەوزەیەك پاڵی دایەوە و دوعای خوێند . سەری بە کۆلکە دارێك کرد . دونیا کش‌ومات بوو . بایەکی نەرمی دەبزاوت . سەدان گوڵە ئەستێرە وەکو ئاگرێ لەناو قەوزەکەدا ، لە دەوروپشتی ، دەدرەوشانەوە . کە دەستی گەیاندە چڵی درەختێك و بە هێدی هەژاندی‌یەوە گوڵە ئەستێرە وەك تۆز بە دەوری‌دا ڕژان .

شەو تا بەیانی خەونی بە براکانی‌یەوە دی. لای وابوو : گەڕاوەتەوە دەوری منداڵی و لەگەڵ براکانی حەنەکان دەکات .

بە قەڵەمی ئەڵماس لەسەر پارچە زێڕیان دەنووسی . تەماشای ئەلبومەکەیان دەکرد کە نیوەی ووڵاتی پێدرابوو . بەلام وا نەبوو وەکو دەوری منداڵی تەنیا خەتخەتۆکەی تێکەڵ‌وپێکەڵ لەسەر پارچە زێڕەکان بکێشن. نەخێر ، ئەمجارە نووسینیان لەسەر دەکرد .



Scanned with CamScanner

بەسەرهات و قارەمانێتی خۆیان تۆمار دەکرد.
وێنەکانی ناو ئەلبوومەکە هەموو گیانیان چووبووە بەر. باڵندەکان دەیانخوێند. خەڵکی ناو ئەلبوومەکە دەهاتنە دەرێ و لەگەڵ شلێر و براکانی قسە و یاریان دەکرد بەڵام کە پەڕی ئاوا دەکرد هەموو بازیان دەدا و دەچوونەوە ناو ئەلبوومەکە بۆ ئەوەی وێنەکان دەقیان نەشکێ و تێک نەچن.

شلێر لەو خەونانەدا بوو کە بەئاگا هات ڕۆژ لەمێژ بوو هەڵاتبوو بەڵام لەبەر ئەوەی درەختەکان بەرزبوون و گەڵا و لق‌وپۆپی چڕیان بڵاو کردبووەوە ڕۆژی لێ دیار نەبوو تەنیا گەزەنگی ڕۆژی لێ دیاربوو ،وەکو چیتی زێڕین لەسەر چلەپۆپەی درەختەکان دەلەرایەوە. گەڵا سەوزەکان بۆنێکی خۆشیان لێ دەهات. باڵندەش ئەوەندە نەوی‌بوون هەر ئەوەتە لە سەرشانی نەدەنیشتن.

شوڕەی چەند کانیاوێکی کەوتە بەر گوێ کە بنیان زیخ و چەو بوو و ئاوی سازگاریان لەبەر دەڕۆیشت.



Scanned with CamScanner

ژەل و نەمامی زلیان بە دەورەدا ڕوابوو ، کەس تیّی بڕ نەدەکرد بەلاّم مامز کونێکیان تێ کردبووەوە پێدا دەچوونە سەرئاوێ • شلێر بەو کونەدا ڕۆیشت و چووە سەر کانی یەکیان. ئاوەکە ئەوەندە رون بوو ، ئەگەر نەمام و درەختەکان بەدەم کزە باوە نەهەژابانەوە وای دەزانی لە بنی کانی یەکەوە ڕواون • وێنەی هەموو گەلاّکانی بەر سێبەر و بەر هەتاوی لە ناودا دیار بوو •

شلێر چووە سەر کانی یەکە و لەناو ئاوەکەدا تەماشای خۆی کرد کە بینی هێندە ڕەش و قاوەیی یە هەترەشی چوو • دەستە بچکۆلانەکەی تەڕ کرد و بە نێوچەوانی خۆیدا هینا ئەو ڕەنگە پیسەی لێ بووەوە و پێستی سپی لە ژێرەوە دەرکەوت •

زوو جلەکانی داکەند و خۆی بە کانی یەکەدا دادا • وای لێهات ئەوەندە جوان بوو ، کچە پاشای وا جوان نەبووە و نەدەبێ •

لە ئاوەکە هاتە دەرەوە جلەکانی کردەوە بەر و پرچی درێژی داهێنا • چووە سەر



Scanned with CamScanner

کانییەکی تر و مستە ئاوێکی سازگاری نۆشی ٠ ئنجا سەری هەڵگرت و کەوتە ناو دارستانەکە٠ خۆیشی نەیدەزانی دەچێتە کوێ ٠ بەڵام هەموو بیر و هۆشی هەر لە لای براکانی بوو ٠ پشت و پەناهی هەر بە کەسی بێکەسان قایم بوو ٠ هەر خوایە کە سیوەرووك بۆ برسییان دەڕسکێنێ ٠ ( و ئاوی سازگاریان بۆ هەڵدەقوڵێنێ ) ٠

کچە تووشی درەختێك هات ئەوەندەی بەرگرتبوو لەبەر داهاتبووەوە ٠ تێروپڕی خوارد و لکەکانی قیتکردەوە و لێیدا ڕۆیشت، تا گەیشتە جێگایەکی زۆر تاریك ٠ دونیا کپ و بێ دەنگ بوو ٠ لە ترپەی پێی خۆی زیاتر گوێی لە هیچ نەدەبوو ٠ کە پێی لە گەڵای ووشك دەنا ، لەژێر پێیدا خشەی دەهات ٠ نە باڵندەیەك دیاربوو ، نە تیشکی ڕۆژی دەگەیشتێ ٠ درەختەکان ئەوەندە لێك نزیك بوون دەتگوت کچە تەختە دارێکی گەورەی لە بەردەمدایە ٠ لە هەر چوار لاوە لە قاڵب درابوو.

بەڵێ ، تەنیاییەکی وابوو نەبێتەوە ٠ شەویش هەروا ئەنگوستەچاو بوو ٠ هیچ



Scanned with CamScanner

گوێچکە ئەستێرەیەك لەسەر خەزەر و قەوزەکان ئەدەدرەوشانەوە ٠

کچە بە غەمباری پالی دایەوە بخەوێ ٠ کە لەسەر پشت ڕاکشا و تەماشای سەرەوەی کرد بینی لکەدارەکان لێك بوونەوە ٠ خوای گەورە لەو کەلەنەوە بە چاوی ڕەحمەت تەماشای کرد ٠ فریشتەش لە پەنایەوە چاویان تێ بڕی ٠

بۆ بەیانی کە لە خەو ڕابوو ، نەیدەزانی ئەوەی دیویە ، خەونە یاڕاستە ؟

هەستا دوو سێ شەقاو ڕۆیشت لە پیرەژنێك هەڵنگووت ٠ پیرەژن سەبەتە (توو)یەکی پێبوو ٠ هەندێ (توو)ی دایە . شلێر لێی پرسی : ئەرێ پووری یازدە کوڕە پاشات نەدیوە ، بە سواری بە ناو ئەم دارستانەدا بڕۆن ٠ »

پیرەژن گوتی : « نەخێر ، بەڵام دوێنێ یازدە قورینگم دی تاجی زێڕیان لەسەر بوو ٠ لەو نزیکەی . لە دەو ڕوبارێ مەلەیان دەکرد ٠ »

پیرەژن بە پێش شلێر کەوت و بەرەو کەناری دەریای برد ٠ گردێك لەوێ بوو . لە



Scanned with CamScanner

بناری گردەکەوە ڕووبارێك بەرەو دەریا پێچی دەکرد . درەختەکانی ڕۆخ ڕووبارەکە چڵ‌وپۆپی چڕیان بۆ یەکتر هەڵدابوو . ژێرەوەیان خاو ببووەوە ، ڕەگیان بە دەرەوە بوو، ڕەنگ نەبوو دەستیان لێ بدەی .

شلێری نەشمیلانە ماڵاوایی لە پیرەژن کرد و بەرەو ڕووبارەکە چووە خوارێ بۆ ئەو شوێنەی کە لە دەریای دەکردەوە .

تەماشای دەریای بەردەمی کرد. دەریایەکی شین و پان و بێ‌پایان . بەڵام هیچ کەشتی نێدا نەبوو . هیچ قایەغ و بەلەمێك دیار نەبوو . بگرە هەر هیچ شت دیار نەبوو ئومێدی ئەوەی لێ بکرێ هەڵی‌بکرێ و بیبا .

تەماشای چەوی ئەژمراوی ڕۆخ دەریای کرد . ئاو بە جۆرێکی وا مشت‌وماڵی دابوون هەموو خڕ و لووس ببوون . شووشە ، ئاسن ، بەرد ، هەرشتێکی لەو کەنارە بوو ئاوی دەریا دەیشۆرد و لە قالبی دەدا . جا ئەو شتانە گەلێ لە دەستی کچە لووس‌تر بوون .

« هەموو شتێك دەبێ . مادام ئەو بەردە



Scanned with CamScanner

ڕەقانە بە ئاوی وا شل ، مشتومـاڵ بدرێـن . دیارە منیش بە مرازی خۆم دەگەم . سوپاست دەکەم شەپۆلی دەریا کە ئـەو پەنـدە گەورەت فێر کردم . دلم خەبەری داوە کە ڕۆژێك دێ تـۆ دەمبەیت و بە براکانم شادم دەکەیت . »

چـاوی بـەوێدا گـێڕا . بینـی یـازدە پەڕاموچەی سپی لەسەر قەوزەیەکی سـەوز کەوتبوون . هەمووی بەستن و وەك گوڵ کردنی بە چەپك . پەڕاموچەکان پشکە ئاویـان لـێ دەچۆڕایەوە . بەڵام کێ دەزانێ داخۆ ئەو پشکە ئاوانە خوناو بوون یا ڕۆندك ؟

دەریا کش‌ومات بوو . بەڵام کچە هەستی بە تەنیایی نەدەکرد چونکە دەریا بـە دەوام لـە گۆڕاندا بوو . بە ماوەیەکی کەم بەقـەد یـەك ساڵی ئاوی ناوەوەی وەڵات دەگۆڕا .

گەوارە هەورێـکی ڕەش هـات و بەسـەر دەریادا رابرد ، دەتگوت دەریا وەڵامی دەداتەوە: منیش دەتوانم تاریك دابێم . « ئنجا بایـەکی توند هەڵی کرد . شەپۆلەکان بـوون بـە کەفی سپی . کە هەورەکە نەختێ سوور هەڵـگەڕا و



Scanned with CamScanner

باکە هێور بووەوە دەریا وەکو پەلکە گوڵ خۆی بە سەوز و سپی دەنواند . ئەگەرچی دەریا دامرکایەوە بەڵام جولانەوەیەکی ناسک لە کەناری هەر مابوو . ئاوەکە وەکو سنگی منداڵێکی خەوتوو بە نەرمی بەرز دەبووەوە و نزم دەبووەوە .

کە ڕۆژە گەیشتە دەم کەل شلێر یازدە قورینگی پەڕسپی ، تاج لەسەری دی ، لەسەر دەریاوە بەرەو ووشکاتی دەهاتن . شریتەیان لە دوو یەك بەستبوو. شلێر بەقەد تەلانەکە هەڵگەڕا ، خۆی لە پەنا نەمامێك مەلاسدا . قورینگەکان لە نزیکییەوە نیشتن و باڵ سپی و گەورەیان لێكدا . هەر ئەوەندە ڕۆژ ئاوابوو یەکەوڕاست قورینگەکان شێوەیان گۆڕا و بوونەوە یازدە کوڕە پاشای جاران . تومەز ئەوانە برای شلێر بوون . هەرچەندە زۆریش گۆڕابوون بەڵام شلێر هەمووی ناسینەوە، زانی برای ئەون . هەر دەبێ ئەوان بن . هاواری کرد. بانگی کردن . هاتن بەیەك شادبوون. یەکتریان گرتە ئامێز . زانییان ئەمە شلێری خوشکیانە وا گەورە و جوان بووە . خەمبار و شادومان بوون .



Scanned with CamScanner

زانی‌یان باوه‌ژنی سیحرباز خوشکی وه‌ده‌ر ناون .

برای گه‌وره گوتی : « خوشکم ، ئێمه سیحرمان وا لێ کراوه . تا ڕۆژ به ده‌ره‌وه بێ قورینگین و ده‌فڕین . که شه‌و داهات ده‌بینه‌وه بنیادەم . بۆیه ده‌بێ زۆر وریا بین ، به‌ره‌به‌ری ڕۆژئاوا داهات جێگه‌یه‌ك بدۆزینه‌وه و بنشین . چونکه ئه‌گه‌ر بێت و له کاتی ڕۆژئاوابوون‌دا له‌بن په‌ڕی هه‌وردا بین ، له فڕین‌دا بین ، یه‌کسه‌ر له قورینگاتی ده‌شۆرێین و ده‌بینه‌وه بنیادەم و به‌رده‌بینه‌وه خوارێ و هه‌پروون به هه‌پڕوون ده‌بین . ئێره جێگه‌ی ژیانی ئێمه نی‌یه . ئێمه له وولاتێکی دوور ده‌ژین . وه‌کو ئه‌م وولاته خۆش و جوانه ، به‌لام له‌وبه‌ری ده‌ریایه . ده‌بێ ئه‌م ئۆقیانووسه ته‌ی بکه‌ین ئنجا ده‌یگه‌ینێ . هیچ دورگه‌مان له‌سه‌ر ڕێگا نی‌یه شه‌وی تێدا ببه‌ینه سه‌ر ، ته‌نیا ئه‌وه‌نده هه‌یه له نیوه‌ی ڕێگادا که‌ڤرێکی گه‌وره سه‌ری له ناوه‌ندی ده‌ریا ده‌رهێناوه . له‌وێ ده‌نیشین ، به خورتی جێگه‌مان ده‌بێته‌وه . که ده‌ریا هه‌ڵده‌چێ پڕوشك به‌سه‌ر سه‌رمان‌دا ده‌ڕوا . زۆر



Scanned with CamScanner

مەمنوونی خوداین کە ئەو بەردەی پێی بەخشیوین . ڕۆژئاوا لەوێ دەنیشین و شەو لەوێ بە بنیادەمی دەکەینەوە و بەیانی دەبینەوە قورینگ و دەڕۆین . ئەگەر ئەو گاشەبەردە نەبێ ناتوانین بێینە سەردانی وولاتە ئازیزەکەی خۆمان . چونکە دەریا دوو ڕۆژەڕێ پایە . سالی تەنیا یەك جار دەرفاتمان دەبێ بێینە سەردانی وولاتی باب‌وباپیران . ئەویش ناوێرین یازدە ڕۆژ زیاتر بمێنینەوە . ئەو ماوەیەش هەر بایی ئەوە دەکات بەسەر ئەم دارستانە گەورەیەدا بفڕین و بچینە شوێنێکی وا بتوانین سەرنجێك لەو کۆشکە بدەین کە تێیدا هاتینە دونیا و ئێستاش باوکمان تێیدا دەژی . تەماشایەکی ئەو گومبەتە بکەین کە دایکی ڕەحمەتیمان تێدا نێژراوە .

کە دێینەوە ئێرە ، وا هەست دەکەین درەخت و نەمامەکانیش خزمن . ئەسپەکێوی لەو دەشتە نەڕادیانە ، هەروەکو بە مندالی دەماندیتن . ڕەژووکەرەکان ئەو گۆرانی‌یە دەچڕن کە بە مندالی سامامان لەبەر دەکرد . بە کورتی : ئێرە مەفتەنە .



Scanned with CamScanner

جێگەی لەدایک بوو نمانە و رامانەدەکێشێ . هەر لێرەش بوو کە تووشی تۆ بووین ، خوشکی ئازیز ! ، ئێستا دوو ڕۆژمان لێرە ماوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ وولاتە نوێکەمان . ڕاستە وولاتێکی خۆشە بەلام وولاتی خۆمان نی یە . نازانم چۆن لەگەل خۆمانت ببەین ، نە کەشتی هەیە ، نە بەلەم . »

خوشکە پێی گوتن : « ئەدی چۆن لەو سیحرەتان ڕزگار بکەم ؟ » .

ئەو شەوە زۆر دوان . پاشان نووستن و سەرخەویکیان شکاند .

شلێر ، سبەینێ ، لە شەققەی بالی قورینگەکان بە ئاگا هات . براکانی بوونەوە قورینگ و بە ئەلقە فرین و دوور کەوتنەوە . بەلام گەورەکەیان نەڕۆیشت ، لەلای شلێر مایەوە . سەری نایە سەر ڕانی و ئەویش دەستی بە پەڕە سپی یەکانی دا هێنا . ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ پێکەوە بوون . زەردەپەڕی ئێوارە ئەوانەی تریش هاتنەوە لەگەل ڕۆژ ئاوابووندا بوونەوە بنیادەم . بە خوشکیان گوت :



Scanned with CamScanner

« بەیانی دوا رۆژمانە لێرە . دەڕۆین و تا ساڵێکی تر نایەینەوە . بەڵام دەستمان لەتـــۆ بەرنابێ . ئەگەر شتێکی وا بکەین بە هەموومان هەڵت بـگرین و بەسـەر دەریـادا بتفڕێنـین ، لەگەڵمان دێی ؟ » .

شلێر گوتی : « بۆ نایەم ، مەمنوونم » .

ئەو شەوە خەریك بوون . تۆڕێکی گەورە و مکوومیان لە شوولی نەرم و زەلی رەق دروسـت کرد . شلێر لەناو تۆڕەکە ڕاکشا . کە ڕۆژ هەڵات و براکانی بوونە قورینگ ، بە دەنووك تۆڕەکەیان هەلگرت و بردیان ، کچەش هەر لە خەودا بوو . گەزەنگی ڕۆژێ لە دەم و چـاوی دا ، قورینگێك چووە سەر سەری و بە باڵەکانی سێبەری لێ کرد .

کە شلێر خەبەری بووەوە ماوەیەکی زۆر لە وولاتی خۆیان دوور کەوتبوونەوە . کە خۆی لە ئاسمانـەوە بینی بڕوای نەکرد ، وای زانـی خەونە . چونکە سەیر بوو لەو بڵندایی‌یە بەسەر دەریادا بفڕێ . تەماشای دەوروبەری خۆی کرد ، چـڵە توویەکی گەیـو و دەسـکە کەوەرێـکی



Scanned with CamScanner

شیرینی لە تەنیشت داندرابوو ، تومەز برا بچووکەکەی بۆی کۆکردبووەوە ۰ کچە زانی ئەمە هەبێ و نەبێ کاری قورینگەکەی سەر سەرییەتی کە سێبەری لێ کردبوو ۰ ئیدی بە زەردەیەکەوە سوپاسی کرد ۰

هەر ڕۆیشتن و بەرزبوونەوە ، ئەوەندە بەرزبوونەوە کە یەکەم کەشتییان لێ دەرکەوت ، کەشتییەکە وەکو مارماسی دەینواند ۰

لای پشتەوەیان هەوربوو ۰ یەك چیا هەوری گەورە ۰ شلێر وێنەی خۆی و هەر یازدە قورینگی لەسەر هەورە بینی ۰ قەت وێنەی وا جوانی نەدیبوو ۰ بەڵام کە ڕۆژ پتر هەڵکشا ، سێبەرەکە زیاتر لەپشت کەوت و وێنەکە بزر بوو ۰

تا ئێوارێ وەك تیر گفقەیان هات و ڕۆیشتن بەڵام لەبەر ئەوەی خوشکیان هەڵگرتبوو. باریان گران بوو ۰ گرانتر دەڕۆیشتن ۰ ( هەوا )ش تا دەهات تووشتر دەبوو ۰ ئێوارە نزیك بووەوە ، شلێر ، بە پەرۆشەوە تەماشای ڕۆژی



Scanned with CamScanner

دەگرد کە چووبووە سەر ئاوابوون و کەفرەکە دیار نەبوو • هەستی کرد قورینگەکان توندتر باڵ لێك دەدەن • لە دڵی خۆیدا گوتی :

« پەککو ، ڕۆژێ پێ بچین ئەمڕۆیە • سووچی من بوو براکانم لەگەڵ ڕۆژئاوابووندا نەگەیشتنە کەڤری گۆڕین • هەر هێندە ڕۆژ ئاوابێ دەبنەوە بنیادەم و هەموومان بەردەبینەوە و دەخنکێین » •

کەوتە پاڕانەوە • بەرد ، هەر دیار نەبوو . هەور زگی لە دەریا نا . (با) لووراندی . (با)ی پێش باران و ڕەشەبا بوو • پەڵە هەورەکان خۆیان لێك دا ، بە شەپۆلێکی زلی ترسناك هاتنە پێش • یەكلەسەریەك بروسکی دەهاویشت •

ڕۆژ کەوتە سەر لێوی دەریا • شلێر دڵی داخورپا . قورینگەکان سووك هاتنە خوارێ ، شلێر وای زانی بەربوونەوە • زۆری نەبرد ، بەرزبوونەوە . ڕۆژ نیوەی کەوتە پەنێ • شلێر لە دوورە کەڤرێکی کەوتە بەرچاو وەکو سەری مارماسی وابوو • ڕۆژ بەلەز شۆڕ بووەوە . بە

قەد ئەستێرەیەکی لێ ما .

کە قورینگەکان دابەزین و پێیان بە کەڤرەکە کەوت ، ڕۆژ وەك دوا پڕوشکی کاغەزی سووتاو ، بزر بوو ، بوونەوە بنیادەم . قۆڵیان لە قۆڵی یەکتر هەڵکێشا و لە دەوری شلێر وەستان . بەڵام جێیان زۆر تەنگ بوو . دەریا هەڵدەچوو ، خۆی بە کەڤرەکەدا دەدا و وەکو گەوارەباران پڕوشکی دەهاویشت . برووسکە چەخماخەی دەدا و ئاسمانی روناك دەکردەوە ، هەور دەیگرماند . شلێر و هەر یازدە برا دەستی پاڕانەوەیان بەرز کردەوە . دوعایان کرد . دڵیان فێنك بووەوە .

لەگەڵ گەردوگۆلی بەیان هەوا سافی کرد . ڕۆژ هەڵات . براکانی بوونەوە قورینگ شلێریان هەڵگرت و لە شەقەقەی باڵیان دا ڕۆیشتن .

دەریا هێشتا بە تەواوی دانەمرکابووەوە . کەفی سپی سەر ڕووی دەریای سەوز وای دەنواند کە هەزاران قورینگ لەسەر ئاوێ مەلەوانی دەکەن .

کە ڕۆژ هەڵکشا ، شلێر وڵاتێکی شاخاوی



Scanned with CamScanner

هاته بەرچاو . ترووپکی شاخەکان پڕ بەفرو شەختەی بریسکەدار بوو . کۆشکێکی یەك میل درێژی دیرەك پنەو لە ناوەڕاستەوە بەرزبووەوە . بەردەم کۆشکەکە پڕ داراخورما بوو . گوڵی وا گەورەی تێدا بوو هەر یەکە بەقەد بەرداشێك بوو . کچە وای زانی ئەمە ئەو وولاتەیە کە بۆی دەچن . قورینگەکان سەریان لەقاند ، چونکە ئەو کۆشکە هەورەکۆشکی ( مۆرگان لیفای) بوو . ئەوەندە جوان . لە جوانییان بەردەوام دەگۆڕا . لە ناکاو شلێر دیتی داروبار و کۆشکەکە هەموو ڕمان و ڕەش بوونەوە . بیست کلیسەی لە جێ قیت بووەوە . هەموو کتومت وەکو یەك وابوون . گومبەتی گەورەیان لەسەر بوو . دەنگی ئاوازی ئۆرگۆن دەهات . تومەز ئەمە دەنگی دەریا بوو . کە لە کلیسەکان نزیکتر بوونەوە . کلیسەکان بوونە ڕەوە کەشتییەك و لەسەر ئاوی دەریا مەلەیان دەکرد . ئەم کەشتییانەش کەشتی نەبوون تەمی دەریا بوون وایان دەنواند و بەدەم باوە دەگەڕان .

بەڵێ شلێر ئەم دیمەنانەی لەبەرچاو



Scanned with CamScanner

دەگۆڕا . ئنجا ئەو وولاتەی گەوتە بەرچاو گە بۆی دەچوون . چیای شین و جوان ، درەختی سەوزی ئوزر ، کۆشکی بەرز ، شار و ئاوەدانی تێدا بوو .

ڕۆژ ئاوانەبووبوو گەیشتنە جێ . دابەزین . شلێر لە بڵندایی‌یەك دانیشت . بەرامبەر بە کۆشکێکی گەورە کە لەناو سەوزەگیای بۆندار بزر ببوو . ئەشکەوتێك لەوێ بوو . برای گچکە ژوورێکی ئەشکەوتی پێشانی کچە دا و گوتی : « ئەم ژوورە بۆتۆ . بڕۆ بخەوە ، بزانە ئەم شەو چ خەونێك دەبینی . »

شلێر گوتی : « وای دەنا خەونم بە چۆنیەتی ڕزگاری ئێوە بدیبایە . »

تا خەوی لێ‌کەوت هەر بەو غایەلە و کەڵکەڵەیەوە مژوول بوو . دوعای دەکرد . کە خەوی لێ‌کرد خەونی دی . وای زانی لە ئاسمانەوەیە بەرەو هەورە کۆشکی ( مۆرگان لی‌فای ) دەچێ . تووشی فریشتەیەك هات . وەکو ئەو پیرەژنە وابوو کە



Scanned with CamScanner

له دارستانه‌كه‌دا تووشی هات و (ئووو)ی ده‌رخوارد دا و باسی قورینگه تاج زێڕه‌كانی بۆ كرد .

له‌و خه‌وه‌دا پیره‌ژن پێی گوت : « كیژم ، ئه‌گه‌ر زات و خۆڕاگرتنت هه‌بێ براكانت رزگار ده‌بن . راسته به‌ردی ڕه‌ق به ئاوی ده‌ریا مشت‌ومال ده‌بێ و له په‌نجه‌ی تۆ لووس‌تر ده‌بێ به‌لام هه‌رگیز هه‌ست به‌و ئازاره ناكات كه په‌نجه‌ی تۆ ده‌یچێژێ هیچ دلێك نی‌یه هه‌ست به‌و په‌ستی و په‌ژاره و ئازاره نه‌كات كه ده‌بێ تۆ بچێژیت . ئه‌م تووتڕ كه ده‌بینی به ده‌ستمه‌وه . زۆری وا له ده‌وره‌ی ئه‌شكه‌وته‌كه‌تدا ڕواوه . له حه‌وشه‌ی كلیسه‌ش‌دا هه‌ن . ته‌نیا ئه‌م تووتڕكانه‌ت به هاناوه دێ... برۆ به ده‌ستی خۆت لێی بكه‌وه . له ده‌ستت راده‌چێ . ده‌یكاته پۆرگ و پفكه . گوێ مه‌دێ . كه‌له‌فێكی وه‌كو كتانی لێ ده‌ربێنه ، بیكه داوه ده‌زی و یازده كراسی لێ بچنه ، وه‌كو زرێی قۆل‌درێژ وابن . هه‌ر یه‌كه به‌سه‌ر قورینگێك دابده . سیحره‌كه ده‌شكێ و براكانت چاك ده‌بنه‌وه . به‌لام ئاگادار به ! هه‌ر له‌و ساته‌وه



Scanned with CamScanner

کەوتیتە کار تا تەواوی دەکەیت ، ئەگەر چەند ساڵێکیش بخایەنێ ، نابێ وورتەت لە دەم بێتە دەرێ . هەر ووشەیەك لە دەمت دەربچێ ئەم ووشەیە وەکو خەنجەر دڵی براکانت شەق دەکات ... لەو ماوەیەدا ، هەموو ژیانیان دەکەوێتە سەر زمانی تۆ . وریای خۆت بە ... چیم پێ گوتی وابکە . »

توتڕکەکەی لە دەستی شلێر دا، وەکو ئاگر بە دەستیەوە نووسا . لەبەر سفتوسۆی دەستی بە خەبەر هات . دیتی ڕۆژ بڵند بوو . بنەتووتڕکێك لەو نزیکانە بوو، وەکو ئەوە وابوو کە لە خەودا دی بووی . کە چاوی پێ کەوت لە خۆشییان کڕنۆشی سوپاسگوزاری بۆ خوا برد. کەوتە ئیش کردن . دەستی ناسکی لە بنە تووتڕکەکە ڕاکرد . دڕك وەك ئاگر لە دەستی چەقی . دەست و باسکی هەموو بوو بە پفکە ؛ بەڵام ئازارەکەی زۆر پێ خۆش بوو ، چونکە ڕزگاری براکانی تێدا بوو . بە پێ خواسی پێی لە تووتڕکە دا و کتانی سەوزی لەناو دەرهێنا و کردیە دەزی .



Scanned with CamScanner

ڕۆژ ئاوا بوو . براکانی هاتنەوە. کە دیتیان شلێر قسە ناکات سەریان سوڕما . گونیان دیارە ئەوەش سحرێکی تری ڕردایکی بەدخوومانە . بەڵام کە چاویان بە دەستوپلی خوێناوی کەوت ، تێگەیشتن بۆ خاتری ئەوانە ئەم ئازارە دەچێژێ .

برای کچگە دەستی بە گریانێ کرد و فرمێسکی لە چاوان هاتە خوارێ . فرمێسکی بە هەر شوێنێکی دەستی شلێر کەوت ژانی نەما و پفکەکان ڕەش بوونەوە .

کچە ، شەو تا بەیانی ئیشی کرد ، ڕۆژی پاشیش کە قورینگەکانی بۆی دەرچوون تا ئێوارێ بە تاقی تەنێ دانیشت و خەریکبوو . وەختەکە زۆر خێرا دەڕۆیشت . ئەو ڕۆژە کراسێکی تەواوکرد و دەستی بە دووەم کرد .

تەپڵ و کەڕەنای ڕاوێ لە شاخان دەنگی دایەوە . کە غەڵبەغەڵب نزیک بووەوە شلێر زۆر ترسا . کە نووسکەی تاژیانی کەوتە بەرگوێ ، لە ترسان ، چووە ناو ئەشکەوت . لەسەر تووترکەکە دانیشت .. تاژییەکی زل لەناو



Scanned with CamScanner

ئەمامان هاتە دەرێ، یەك دوو تاژی تری بە دووودا هات • لووراندیـان و گەڕانـەوە . دووبـارە هاتنەوە . پـاش ئەختێ هەمـوو ڕاوکەرەکان گەیشتنە بەر دەرگەی ئەشکەوتەکە • سەرڕاو پاشا بوو . پاشایەکی زۆر کۆك • پاشا لە شلێر چووە پێش ، کچی وا جوان و نازداری نەدی بوو. پێی گـوت : « کـچە جوانـەکە ! ئـەوە چۆن گەیشتیتە ئێرە ! »

شلێر نەوێرا قسە بکات • سـەری بادا . چونکە ئەگەر دەمی لێـك بکردایـەوە ژیـان و سەربەستی براکانی دەڕۆیشت • دەستەکانی لەژێر چارۆکەدا شاردەوە تا پاشا نەبینێ لـە چ ئازارێك دایە •

پاشا پێی گوت : « لێرە بە تەنێ نـاژیت . لەگەڵ من وەرە .

ئەگەر بە قەدەر جوانیت کچێکی باشیش بیت ، بەرگی ئارمـووش و مەخمـەڵت لەبـەر دەکەم و تـاجی زێـڕت لەسـەر دەنێـم • لـە کۆشکێکی هەرە جوانـدا بژی • »

پاشا کچەی لە پێش خۆی لەسەر خـانەی



Scanned with CamScanner

زینی دانا ، ئەوەنــدەی گریــا و پڕکێــشی کرد سوودی نەبوو . پاشا گوتی : « من بەختیــاری تۆم دەوێت و هیچی‌تر ، بزانە چۆن مەمنوونــم دەبیت . » بەم جۆرە کچەی برد و بە ناو شاخ و لێڕەواراندا هاژوای و ڕاوکــەرەکان کەوتنــە دووی .

ڕۆژ ئاوابــوو شاریــان لــێ دەرکەوت . هەموو گومبەت و کلیسە و کۆشك و باڵەخانەی گەورە ـ گەورە بوو . پاشا کچــەی بــردە نــاو کۆشکێ . هۆڵەکە کانــی تێــدا هەڵدەقــوڵا . دیوار و ساپیتەکان دەبریسکانەوە . بەڵام کچە دڵی بەم شتانە نەبووەوە؛ هەر گریا و فرمێسکی باراند . بە سارد و غەمگینی خۆی نایە دەســت ژنــان ، بەرگــی خاتوونانیــان کــردە بــەر ، مرواری‌یان لە قژی‌دا ، دەستیکێشی جوانیان لە دەستە پفکەدارەکان کرد .

کچە بەو بەرگ و تەدارەکە زۆر جوان‌بوو . سەراپای بارەگا ئیکلامیان بۆکێشــا . پاشــا بڕیاری دا بیکاتە ژنی خۆی . بــەڵام کە قەشــە بەمەی زانی سەری بادا و گوتی ئەو کچە کیوی‌یە

سیحر بازە چاوی خەلکی بەستووە و دلی لە پاشا سەندووە . بەلام پاشا گوێی بە قسەی قەشە نەبـزووت ، فەرمـانی دا زورنـا لێبدەن . زیافەتێکی باش بکەن . جوانترین کچ شـایی بکەن .

(شلێر)یان بە ناو باخچـاندا گواستەوە و بردیانە هۆلێـکی گەورە . بـەلام شـلێر نـە خەندەیەکی کەوتە سەر لێو و نە بریسکەیەکی لە چاوان هەستا . تەمی خەمێکی قوول بـەری چاوی گرتبوو .

پاشان، پاشا کچەی بردە ژوورێکی بچووك بۆ ئەوەی شەو لەوێ بکاتـەوە . ژوورەکە بـە قوماشی سەوز و جوان ئارایش درابوو . وەکـو ئەشکەوتەکەی خۆی وابوو . کەلەفی تووترکەکە لەسەر زەوی کەوتبوو . ئەو کراسەی چنیبووی بە ساپیتەوە هەلواسراوو . تومەز ڕاوکەرێك ئەم هەموو شتانەی لەگەل خـۆی هێنـابوو و بۆیان لەو ژوورە دانابوو تا دلی پێ بکرێتەوە . پاشا پـێی گوت : «هـەروا بزانـە کـە لـە کۆنەهەواری گۆرینی . دەسکرەکەت لێرەیە . ئەگەر مەیلت لێیە خەریکی کاری خۆت بە . »



Scanned with CamScanner

شلێر ، که چاوی به شته‌کان که‌وت گرژی‌یه‌وه و کوڵمه‌ی سوور هه‌ڵگه‌ڕا . بیری ڕزگارکردنی براکانی بۆ زیندوو بووه‌وه و ده‌ستی پاشای ماچ کرد . ئه‌ویش ده‌ستی له‌سه‌ر دڵی خۆی دانا . فه‌رمانی دا هه‌موو کلێسه‌کان زه‌نگی زه‌ماوه‌ندیان کوتا . به‌م جۆره کچه‌کێوی لاڵ بوو به شاژنی وولات .

قه‌شه که‌وته به‌دکاری . قسه‌ی ناشیرینی چرپانده بن گوێی پاشا . پاشا گوێی نه‌دا قسه‌کانی . گوتی : ده‌بێ ئاهه‌نگ بگه‌ڕێ . عاده‌ت وابوو که قه‌شه تاج له‌سه‌ری شاژن بنێ . ئه‌ڵقه‌ی تاجه‌که ته‌نگ بوو ، به توندی خستیه سه‌ر نێوچه‌وانی — چونکه ڕکی لێ ده‌بووه‌وه — کچه زۆری هێشا . به‌ڵام ئه‌ڵقه‌ی دڵی گه‌لێ له‌و ئه‌ڵقه‌یه ته‌نگتر و قورستر بوو . ئه‌ڵقه‌ی خه‌می براکانی . له‌به‌ر ئه‌م خه‌مه گرانه هیچ ئاگای له ئازاری له‌شی نه‌بوو .

شلێر ، ده‌می ببووه ته‌ڵه‌ی ته‌قیو . ژیانی هه‌ر یازده برای له سه‌ر یه‌ك قسه وه‌ستابوو . خۆشه‌ویستی پاشای خانه‌دانیشی له چاوان

دەورینگایەوە ، چونکە بە دل دەیەویست بەختیاری بخاتە دلەوە ·

ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پاشای خۆش دەویست . ئاخ ، چۆن ناتوانێ دلی خۆی بۆ بکاتەوە و کەسەری گرانی بۆ هەلڕیژێ · ئاخر ، وایە نابێ قسەی لە دەم بترازێ · دەبێ بەبێ دەنگی کارەکەی تەواو بکات ·

بەم جۆرە ، شلێر ، هەموو شەوێ ، خۆی لە پاشا دەدزی‌یەوە دەچووە ژووری خۆیەوە کە وەکو ئەشکەوت وابوو ، کراسی دەچنی · کە گەیشتە کراسی نۆیەم کەلەفی لەبەر بڕا ·

دەیزانی تووترك لە حەوشەی کلیسەدا هەن · بەلام دەبا خۆی لێیان بکاتەوە . چار چی‌یە ؟

لە دلی خۆیدا گوتی : « ئاخ ؛ چەند لەبەر برینی پەنجەکانم بە ئازارم · بەلام دەبێ ئەم هەولەش بدەم · خوایە بە تەمای تۆ ! »

شەو ، لەبەر تریفەی مانگەشەودا ، بە ترس و لەرزەوە ، خزایە ناو ناخچە · ماوەیەك ڕۆیشت ، گەیشتە شەقامێکی چۆل کە دەچووە



Scanned with CamScanner

حەوشەی کلێسە • دیتی کۆمەڵە سحرباز ێکی ڕمووزن لەسەر کێلە بەردێکی زل دانیشتبوون. جلیان داکەند • گۆڕێکی تازەیان بە چڕنۆك هەڵگێڕایەوە تەرمەکەیان دەرهێنا • بەربوونە سەری خواردیان • شلێر ، ڕێگەی بە نزیك ئەواندا دەڕۆیشت •• . دوعای کرد ، پاڕایەوە. چابوو نەیاندی . چوو هەندێ تووترکی کۆکردەوە ، هێنای و هاتەوە کۆشکێ •

شلێر، کە بۆ تووترك کردن چوو و هاتەوە، کەس نەیدی بوو تەنیا قەشە نەبێ • هەموو عالەم نووستبوو هەر قەشە بەئاگا بوو • قەرە بە قەرەی کچە چوو تا گەیشتە لای سیحربازەکان • کە سیحربازەکانی دی دڵنیا بوو شلێریش سیحربازە و بە سیحر دڵی لە پاشا و هەموو خەڵکی شار سەندووە •

قەشەی بەدکار ، چی دیبوو ، هەمووی بۆ پاشا گێڕایەوە • کە ئەو بوختانانەی دەکرد تاپۆی فریشتان سەریان بادەدا وەك ئەوەی بڵێن : « وا نییە ، شلێر ، بێ بەرییە • » بەڵام قەشە سەیرچیخ چوو ، وایزانی ئەو سەربادانە



Scanned with CamScanner

نیشانەی ئەوەیە شایەدی لەسەر کچە دەدەن .

پاشا دوو دڵۆپە فرمێسکی گەورەی بە رووومەتدا هاتە خوارێ ، دڵی کەوتە قرتوفرتێ .

شەوێ ، خەوی لە خۆی خست . پێڵوی داخست بەڵام هەر بەئاگا بوو کاتێک شلێر هەستا چووە ژوورەکەی خۆی و کەوتە ئیش کردن . هەموو شەوێ وای دەکرد و هەموو شەوێش پاشا بەبێ دەنگی دەچووە دووی تا دەگەیشتە ژووری خۆی و بزر دەبوو .

شلێر ، پێ‌حەسیا ، پاشا ڕۆژ بە ڕۆژ رووی ترش و تاڵتر دەبێ . بەڵام نەیدەزانی سەبارەت بەچییە . ئەمەش بوو بە خەمێکی تر لەگەڵ خەمی گەورەی براکانی نیشتە سەر پەڕەی دڵییەوە . گریا ، فرمێسکی سووری بەسەر سوخمەی مەخمەڵدا هاتە خوارێ ، وەکو پوولەکەی ماسی پێیەوە نووسا .

کەس نەیدەزانی چ ئاگرێکی لە دڵدایە ، کە چاویان پێ دەکەوت بەخیلییان پێ دەبرد .



Scanned with CamScanner

زۆری نەمابوو ئیشەکەی تـەواو بـکات ، کراسێکی مابوو بیچنێ • دیسان کەڵەف لەبەر برا . نووترکی نەما • ناچار بوو ئـەم جـارەش بچێتە حەوشەی کڵێسە و هەندێ تووترك بێنێ •
زۆری بیر لە ڕێگای چۆڵ و سیحربازە بنیـادەم خۆرەکان کردەوە : بەڵام چۆن بڕوای بـە خـوا هەبوو، ئاوها بڕوای بە خۆی و بە کارە ڕەواکەی خۆی هەبوو •

شەو ، هەستا ، چووە دەرێ • قەشە و پاشا دوور و نزیك بە دووی‌دا چـوون • دیتیـان لـە دەرگای ئاسن چووە دەرەوە • کە زیاتر ڕۆیشتن چاویـان بە سیحربـازیکان کـەوت لەسـەر کێلێك دانیشتبوون • پاشا لەناو سیحربازەکان یەکێکی بە شلێر شوبهاند • دڵی بڕوای هێناو گەڕایەوە •

پاشا بڕیاری‌دا ، میللەت حـوکمی شـلێر بدات • میللەتیش بڕیاری دا بیسووتێنن •

کچەیان لە کۆشکێ دەرکرد • فڕێیـان دا کۆلیتێك • ( با ) وورشەی دەهـات و لەبێـو شیشەکانی پەنجەرەوە وڕی دەکردە ژووری •



Scanned with CamScanner

هەرچی ئارمووش و مەخمەڵی لە بەردا بوو هەموویان لەبەر داکەند و توترکەکەیان دایە بیکاتە سەرین • ئەویش رایەخ و لێفەی ئەو کراسە توترکانە بوو بە دەستی خۆی چنیبوونی.

بەڵام وورەی نەڕووخا • نەتەی بەرنەدا • لە کاری خۆی نەکەوت هەر ئیشی دەکرد و دوعای دەخوێند و دەپاڕایەوە •

مندالە وردکەی سەر جادە بە تیزەوە گۆرانی یان پێ هەڵدەگوت کەس نەبوو قسەیەکی خۆشی بۆ بکات و دڵی بداتەوە •

دەمەو ئێوارە وورشەی باڵی قورینگێك لە شیشەی پەنجەرەکانی دا • برا گچکەی بوو • لە دوو سۆراغی خوشکی هاتبوو • شلێر لە خۆشی یان شاگەشکە بوو • کزگری هاتێ •

ڕاستە هەر ئەو شەوەی ماوە و لەوانەیە سەری تێ بچێ • بەڵام دڵی بەوە خۆش بوو کە ئیشەکەی لە تەواوبووندا بوو و ئەوا براکانیشی بەسەریان گرتەوە •

قەشە هات گەواهی لێ وەربگرێ • بەلام



Scanned with CamScanner

کچە سەری بادا · بە دەری نـا · قەشـە زۆر قسەی ناشیرینی پێ گوت و ڕۆیشت ·

دەبا ئەو شەوە ئیشەکەی تەواو بـکات ، نـەوەك هـەموو ئـازار و فرمێسـك و شەونخوونی‌یەکی بە فیڕۆ بڕوات ·

بەڵام شلێر دڵنیابوو کە بێ‌تاوانە ، بۆیە بڕوای پتەو بوو ، بە بێ باکی کاری دەکرد ·

ژوورەکەی پڕ مشك بوو · ئەو مشکانەش هاتنە یاری · تووتڕکیان بۆ دەکێشا · پۆڕێك لەسەر شیشـەی پەنجـەرەکە بوو تا بەیـانی گۆرانی بۆ چڕی بۆ ئەوەی شەکەت نەبێ و خەو نەیباتەوە ·

بەیانی دا ، هێشتا سەعاتێك مابوو ڕۆژ هەڵبێ · هەر یازدە برای گەیشتنە بەر دەرگای کۆشکی پاشا و داوایان کرد چاویان بە پاشـا بکەوێ · دەرگەوان ڕێگەیان نەدان · گوتیان شتی وا نابێ · پاشا خەوتبوو ، نەوێران واگای بێنن ·

براکان پاڕانـەوە ، هـەڕوگیفیان کرد · نۆبەتدار هاتن · پاشا لەو دەنگەدەنگە بەخەبەر

هات، هات بزانێ ئەو کێشمە و دۆخەیە چی‌یە ، لەو حانەدا ڕۆژ گزنگی دا و هەر یازدە برا بوونە قورینگ و وورشەیان هات بەسەر کۆشکی پاشادا فڕین ٠

چێشتەنگاو هەموو خەڵك و عالەمی خودای سەریان لە دوویەك نا ٠ لە شار چوونە دەرێ ، تەماشای سووتانی سیحربازەکە بکەن ٠

کچەیان سواری گالیسکەیەك کرد ٠ یەختەیەك رایدەکێشا ٠ کراسێکی گونیەی زووریان کردە بەر ٠ پرچی درێژ و جوانی خاو ببووە و بەسەر شان و ملی‌دا هاتبووە خوارێ ٠ بە ڕەنگ و روو دەتگوت مردووە . بە ئاستەم لێوی دەجولایەوە . کەچی دەست‌و کەلەفی شڕ بوو هەر کراسی دەچنی ٠ دەیانبرد بیسووتێنن ئەو هەر وازی نەدەهێنا ٠ دە کراسی تەواو کردبوو ، لەبەر پێی خۆی دانابوون ٠ یازدەمینی بە دەستەوە بوو ، دەیچنی ٠ خەڵکەکە هەموو تەشقەلە و تیتالیان پێ دەکرد ٠ دەیانگوت :

« سەیری سیحربازەکە چۆن بۆلەبۆل دەکات ٠ مەرجت لەگەل دەکەم هیچ کتێبی



Scanned with CamScanner

ویرذی لا نی‌یه . ئه‌ماشـای دانیشتنی بـگه . ئه‌وه‌ی له ده‌ست ده‌ربێنه . بیدڕێنه . بیکـه هه‌زار پارچه » .

به قه‌ره په‌سته بۆی چوون تا پارچه‌پارچه‌ی بکه‌ن ، له‌و کاته‌دا یازده قورینگی په‌ڕسپی به هه‌شتاوی هاتن . له ناو گالیسکه‌که خۆیان به باوه‌شی کچه‌دا دا و باڵیان لێك دا . حه‌شامه‌ته‌که سامیان لـێ نیشـت . کشانـه‌وی . بوو بـه مقۆمقۆ . ئه‌مه موعجیزه‌ی خوایه . دیاره کچه‌که بێ تاوانه » به‌ڵام نه‌وێران به ئاشکرا ئه‌م قسانه بکه‌ن .

که جـه‌لاد ده‌سـتی کچه‌ی گرد بیبا ، کچه یـازده کراسه‌که‌ی به‌سـه‌ر قـورینگه‌کاندا دا یه‌کسه‌ر گۆڕان و بوونه‌وه کوڕه‌پاشای جاران . بـه‌ڵام برای بچـووك له‌بـاتی قۆڵێـك باڵێکی قورینگی پێـوه مـابوو چونـکه کراسـه‌که‌ی قۆڵێکی مابوو ته‌واو ببێ .

کچه هاواری کرد : « ئیتر ده‌مم بووه‌وه . با پێتان بڵێم . من بێ‌به‌ریم . هیچ تاوانم نی‌یه » .

خه‌ڵکه‌که چاویان بـه‌م ڕوداوه که‌وت لـه



Scanned with CamScanner

بەردەم کچەدا نووشتانەوە و کڕنۆشیان بـۆ
برد . ئەویش خۆی بە باوەشی براکانی‌دا دا .
لە ترس و شەکەت و خەمی ئەوانەوە هێزی لە
بەردا نەما بوو .

برای گەورە ڕووی کردە خەڵکەکە : « ئەو
ژنە خوشکی ئێمەیە . هیچ تاوانی نی‌یـە . »
ئنجا پێدا هاتە هەقایەتی خۆیـانی بـە وورد و
باریکی بۆ گێڕانەوە . کە ئەو خەریکی هەقایەت
گێڕانەوە بوو بۆنێك وا بلاو بووەوە دەتـگوت
گوڵ پشکوتـووە . ئـەو دارەی بۆ سووتـان
کەڵەکە کرابوون . ڕەگیان داکوتا و چرووریان
دەرکرد و گوڵیان دا . بوونە یەك پارچە گوڵ .
گوڵێکی سپی گەش وەکو ئەستێرە لە تروپکی
هەرە بـەرز دەشـەکایەوە . پاشا ئەو گوڵەی
قرتاند و لە بەرۆکی شلێری دا . شلێر دڵی بـە
شادی و بەختیاری گەشایەوە زەنگی کلیسەکان
لە خۆڕا کەوتنە زرنگانەوە . بە ڕەوە باڵندەی
ناسك و ڕوحسووك هاتن .

لە گەڕانەوەدا بوو بە کۆڕەو وزەماوەندیکی
وا هیچ پاشا شتی وای نەدیوە .



Scanned with CamScanner

# گوڵ ـ پـەری

بنەگوڵێکی شینی پـڕ گوڵ لە ناوەنــدی باخچەیەکی ڕازاوەدا ڕوا بوو · پەرییەکی زۆر بچـووك لە نێو گـوڵێکی هـەرەگەشی ئـەو بنەگوڵەدا دەژیا · پەریـیـەکە ئەوەندە بچووك بوو ، ئەوەندە بچـووك بـوو کەس بـە چـاو نەیدەدی · پەلکە گوڵێکی کردبوو بـە مـاڵ · وەکـو منداڵۆکەیەکی قشتو ئێسکسووك وا بوو · دوو باڵی پێـوە بوو لەسـەر شانیـیەوە دەهات و لەبەر پێی دەخشا ·

ماڵەکەی زۆر ناسك و بۆندار بوو · دیواری خانووەکەی پەلکە گوڵی ناسك و تەنك بوون ·



Scanned with CamScanner

ئەو پەری بچکۆلانەیە ڕۆژ تا ئێوارە خۆی دەدایە بەر هەتاوی گەرمو لەم گوڵەوە دەفڕییە سەر ئەو گوڵ . جاری وا هەبوو بازی دەدایە سەر باڵی تەنکی پەپوولانو سەمای لەسەر دەکرد .

ڕۆژێکیان چووە سەر گەڵای دارلیمۆیەکو خەریك بوو بزانێ بە ماوەی چەند ، بۆی دەکرێ ڕێگاکانی سەر ئەو گەڵایە تەی بکات . ووردە ڕیشاڵی سەر گەڵاکەی بەلاوە ڕێگا بوون . ڕاستی‌یەکەی ڕیشاڵەکان وەکو ڕێگا وان . ڕێگای ئەوتۆ بوون بۆ پەری‌یەکە ، کە هەتا هەتایە کۆتایی‌یان نەدەهات . ئەوەیە دەڵێ : « گلۆڵە بایە ، تێم هەڵدایە ، قەت نەبڕایە . »

هێشتا ڕێگای بەردەمی نەگەیاندبووە سەر کە ئێوارەی بەسەداهاتو ڕۆژی لە جێگایەکی خراپ لێ ئاوا بوو . چونکە بە درەنگەوە کەوتە ڕێ .

سەرما داهات . خوناو چك چکەی لە داران کرد . بایەکی ساردی بزاوت . پەری لە دڵی خۆیدا گوتی وا چاکە بچمەوە ماڵێ . بە



Scanned with CamScanner

هەشـــتاوی ڕۆیشـــت بـــەڵام تا گەیشتەوە جێ گوڵەکە دەمی داخستبوو ، پێی نەکرا بچێتەوە ژووری . یەك تاقە گوڵ چییە بە واڵایی نەمـــا بوو .

پەری بچکۆلە زێلکی ڕژا ، قەت شەو لـــە دەرەوە نەما بووەوە ، هەموو ڕۆژێ بە وەخت دەگەڕایەوەو دەچووە ناو پەلکە گوڵی ناسكو گـــەرمو لێی ڕادەکشـــاو دەکەوتـــە خەوێـــکی شیرینەوە .

ئای ! های ! دیـــارە ئـــەم جارە هـــەجەلی هاتووە .

پەری بە بیری هاتەوە کە چەپەرو پاچێك لەوسەری باخچەکە هەیە . گەڵای دەرختەکانی ئەوەندە گەورەن دەڵێی بۆقی ڕەنگ کراون . گوتی وا چاکە بچم شەوێ لەو پاچە بکەمەوە .

بە نەرمی فڕی‌و ڕۆیشت . کە چوو گەیشتە لای پاچەکە . شش‌شش . دیتی دوو کەس لـــە ژووری ، لەبن پاچەکەدا بوون . گەنجێکی فۆزو کچێکی نەشمیل لە تەنیشت یەك دانیشتبوون . بەوان بایە قەت لەیەك جودا نەبنـــەوە . هـــەر



Scanned with CamScanner

پێکەوە بن . منداڵ چەند هۆگری دایکی یەتی ، ئەوان پتر هۆگری یەکدی بوون .

گەنجەکە بە کچەی گوت : « شەو درەنگە با هەستین بڕۆین . برات نیازی باش نی یە هەموو جارێ لەو دیو ئەم گوڵو شاخانەوە هەڕەشەم لێدەکات .. بە خێر بچی بووکی شیرینم ، هاوسەری ڕاستەقینەی ژینم . »

یەکتریان ڕامووسی . کچە دایە پرمەی گریان . گوڵێکی پێشکێش گەنجەکە کرد . بەڵام پێش ئەوەی گوڵەکەی بداتە دەست ماچێکی ئەوەندە گەرمو درێژی لە گوڵەکە کرد گوڵەکە دەمی کردەوە . پەری بچکۆلانە فڕی چووە ناو گوڵەکە . سەری بە دیوارە ناسکەکانی کرد . بەڵام باش گوێی لێ بوو کە ماڵاوایی یان لە یەکتر دەکرد : « بە خێر بچیت . بەخێر بچیت . »

پاشان هەستی کرد گوڵەکە لەسەر سنگی کوڕەکەدایە دڵی زۆر بە تەووژم دەیکوتا ئەوەندە بە توندی لێ ی دەدا ، ئەوەندە بە توندی لێ ی دەدا خەوی لە چاوی پەری حەرام کرد بوو .

گوڵەکە ماوەیەك بەسەر سنگی کوڕەوە



Scanned with CamScanner

بوو . پاشان کە کوڕە ڕێگای کەوتە ناو دارستانێکی چڕو تاریك گوڵەکەی لە بەرۆکی کردەوە . ماچی کرد . ئەوەندە زۆری ماچ کرد . ئەوەندە بە سۆزەوە ماچی توند توندی لێ کرد هەر وەخت بوو پەری بچکۆلانە لە ژوورەوە بە دەم ئەم ماچانە پان بێتەوەو بمرێ . وای هەست دەکرد کە لێوی کوڕەکە پشکۆیەکەو بە پەلکی گوڵەکەوە نووساوە . گوڵەکە لە گەرمان دەمی کردەوە . دەتگوت هەناوی نیوەڕۆ لێیداوە .

لەو کاتەدا زەلامێکی تر لەولاوە هات . کابرایەکی تووڕەو ڕووگرژو مۆن بوو . ئەمەز ئەمە برا بەدکارەکەی کچە بوو . هاتبوو ڕکی خۆی بە کوڕەکە دابخات . سیکاردێکی تیژی دەرهێنا . گەنجەکە لەبەر ماچ کردنی گوڵەکە هیچ ئاگای لە خۆی نەبوو . لەناکاو کابرا سیکاردێکی لێداو کوشتی . سەری گۆشاوگۆش بڕی و سەرکەکە و لاشەکەی پێکەوە لە ژێر خاکێکی نەرمان ، لە بن دارلیمۆیەك شاردەوە .

برای بەدکار لەدڵی خۆیدا گوتی : «ئەوهات لێدەکەم ، دەوجا بیخۆ ، دەی! خۆ مردو بڕایەوە.



Scanned with CamScanner

بە ئەنجامی خۆی گەیشت . تـارە جارێـکی دی ناگەڕێتەوە . هاتۆتە ناو دارستـان و شـاخ و داخێکی وا هەزار کەس سەری تێدا بزر دەبێت. تازە ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە . خـۆ خوشکیشـم ناوێرێ سۆراغی بکات . »

هەندی گەلای وەریوی بە پێـیـان بەسـەر خۆڵەکە وەرکرد و پەستایەوە. ئیدی بەو تاریکە شەوە گەڕایەوە ماڵێ . ئەگەرچـی خـۆی وای دەزانـی لەگەڕانـەوەدا بـە تەنێـیـە بـەڵام ڕاستییەکەی وا نەبوو ، بەتەنێ نەبوو . پەری بچکۆڵانەشی لەگەڵدا بوو .

ئەو کاتەی کە کوڕەکەی کوشت پەری فڕی چووە ناو گەلای دارلیمۆیەك و کاتێك کە کابرا خەریکی گۆڕ لێدان بوو، ئەو گەڵایەی پەری تێدا بوو بەربووەوە سەر سەری کابراو بە پرچییەوە نووسا .

کابرا کە دەستی لـە تاوانـەکەی بـڕا و شەپقەی نایەوە سەر ، پەری بچکۆڵانە کەوتـە ژێر شەپقەی کابرا .

پەکـکو ! لـەو ژوورە تاریـك و



Scanned with CamScanner

ئەنگوستەچاوە · پەری هەم لەترسان و هەم لەرکی ئەو تاوانە زلە ، هەموو لەشی چرك و هۆڕ دەلەرزی ·

کابرای تاوانبار بەیانی زوو گەیشتەوە مالێ · یەکسەر چووە ژووری خوشکی · شەپقەی داکەند تەماشای کرد کچە زۆر بە جوان و شیرینی ڕاکشا بوو · تومەز خەونی بە خۆشەویستەکەیەوە دەدیت . خەونی بەوە دەدی چۆن ئێستا خۆشەویستەکەی بەناو شاخ و دارستاندا کەوتۆتە سەفەر و ڕێگاکەی زۆر ناخۆش و بە مەترسی یە ·

برای بەدکاری لێی چووە پێش · چووە سەرینگانی . خەندەیەکی مخەننەتی هاتێ · مەگەر زەردەخەنەی شەیتان ئاوها پیس بێ ·

هیچ ئاگای لێ نەبوو ·

ئەو گەلا لیمۆیەی کاتی خۆی بە پرچی یەوە نووسا بوو ، بەربووەوە و کەوتە سەر چەرچەفی کچە · ئنجا لێی دا چووە ژووری خۆی . پالی دایەوە بۆ ئەوەی سەرخەوێك بشکێنێ چونکە هێشتا زوو بوو ·



Scanned with CamScanner

پەری بە هێدیلۆکە لەناو گەڵاکە هاتە دەرەوە. چوو، چوو، چووە ناو گوێچکەی کچەکە. وەکو خەون باسی کوژرانی خۆشەویستەکەی بۆ کرد. گوتی برای بەدکارت خۆشەویستەکەتی لە فلانە جێ کوشت و هەر لەوێش لاشەکەی بن گوم کرد. باسی دارلیمۆکەشی بۆ کرد. پێیشی گوت بۆ ئەوەی دڵنیا بیت ئەوەی پێت دەڵێم ڕاستەو خەون نییە، کە بە ئاگا هاتی و هەستایەوە دەبینی گەلایەکی دارلیمۆکە لەسەر چەرچەفەکەت کەوتووە.

کچە ئەگەر لەو خەونە ناخۆشە بە خەبەر هات تەماشای دەوروبەری خۆی کرد بینی گەڵایەکی درەختی لیمۆ لەسەر چەرچەفەکەی کەوتووە. وەخت بوو لە هەژمەتان شێت بێت. ئاخ، چەندی فرمێسکی سوێر داباراند، هەرناگوترێ.

هیچ کەسێك نەبوو کچە بڕوای پێبکات و کول و کوڤانی دڵی خۆی بۆ هەڵبڕێژێ. وەخت بوو لە شروان دڵی بتەقێ. ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ



Scanned with CamScanner

پەنجەرەی پێوە نەدا. پەری بچکۆلانە فڕی چووە ناو گوڵو گوڵزاری باخچەکە بەڵا دڵی نەهات کچە بەدەم ئەم خەم و خەفەتەوە بەجێ بێڵێ .
درەختێك لەبەر پەنجەرەی کچەکە ڕوا بوو . گوڵی بەنگاڵی جوان جوانی دابوو ، چووە سەر گوڵێك و لە پەنجەرەوە سەیری کچەی سەرشین و بابان وێرانی کرد .

برای بەدکاری زوو زوو دەهاتە ژووری و دەچووە دەرێ . ئەو ڕۆژە زۆر بە هەوەس بوو ، بەڵام ڕەزای زۆر گران و ئێسکی زۆر قورس بوو . کچەش نەیدەوێرا باسی خەمی دڵی خۆی بۆ بکات .

هەر هێندە شەو داهات کچە خۆی لەماڵێ دزی یەوە . ملی ڕێگای گرت و چووە دارستانەکە . گەڕا ، گەڕا ، تا ئەو شوێنەی دیتەوە کە دارلیمۆکەی لێبوو : گەڵاکانی سەر ئەو قانە زەوی یەی ڕادا کە دیار بوو تازە پەسترابووەوە . هەڵی کۆڵی . کە لەشی لاوە خۆشەویستەکەی بەدەرکەوت . دەستی بە گریە و زاری کرد . لە خوای گەورە پاڕایەوە



Scanned with CamScanner

گیانی دەربێنێ و پاش خۆشەویستەکەی لە داری دونیادا نەمێنێ ٠

بە تەما بوو مەیتی خۆشەویستەکەی هەلگرێ‌و بیباتەوە بلام پێی‌هەلنەگیرا ٠ بۆیە سەرەبڕاوەکەی دەرهێنا کە هەردو چاوی نووقابوون٠ ماچێکی گەرمی لە لێوە ساردەکان کرد . خۆلی لە قژە جوانەکەی تەکاند و گوتی : « دەبێ هەلت بگرم ! » خۆلی بەسەر کەلەشەکە داکردەوەو گەلای بەسەر وەرکردو وەکو جاران پەستایەوەو سەرەکەی لەگەل خۆی هێناو هاتەوە ٠ چلە یاسەمینێک لە نزیک شوێنی کەتنەکە سەوز ببوو ٠ گولی زۆر جوانی دابوو٠ کچە ئەویشی هەلکەندو هێنایەوە ٠

کە گەیشتە مالێ ، لەژووری خۆی ، ئنجا نەیەکی هێنا سەری خۆشەویستەکەی لەناو داناو پڕ خۆلی کردو چلە یاسەمینەکەی تێدا چاند ٠

پەری بچکۆلانە لەوە زیاتر بەرگەی خەمەکانی کچەی نەگرت ٠ گوتی : « خوا حافیز، خوا حافیز ! » فڕی بۆ ناو باخچەو گەڕایەوە لای



Scanned with CamScanner

گوڵی خۆی . بەڵام تا ئەو هاتەوە گوڵەکە وەریبوو . تەنیا هەندێ پەلکی زەردو سیسی پێوە ما بوو ، خۆیان بە چلە سەوزەکەوە قرسا ند بوو . پەری کە ئەمەی دی هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو گوتی :

« ئاخ ! جوانێ ، جوانێ ! ئاخ شتی جوانو چاك چەند زوو لە ناو دەچێ ! » .

پاشان گەڕا ، گوڵێکی تری دۆزیەوەو کردی بە ماڵو بە ئارامی لەپەنا پەلکە ناسکو بۆندارەکانی ژیا .

بەڵام پەری وەفادار هەموو ڕۆژێ دەفڕی ، دەچووە بەر پەنجەرەی کچەی کڵۆڵو دەیدی لە تەك ئنجاکە وەستاوەو هوون هوون فرمێسکی سوور بەسەر گوڵە یاسەمەنەکەدا دەبارێنێ .

ڕۆژ بە ڕۆژ کچە ووشکترو زەردتر هەڵدەگەڕاو گوڵەکەش تەڕترو گەشتر دەبوو . پنچ لەسەر پنچ دەری دەکرد . کە خونچەی سپی بچووك دەمیان دەکردەوەو دەبوون بە گوڵ ، کچە ماچی دەکردن .



Scanned with CamScanner

بەڵام بــرا بەدگارەکــەی هــەموو جــاریٚ سەرکۆنەی دەکردو دەیگوت : کچێ ! خــۆ تــۆ شێت نەبووی وا دەکەی ! » هەقی بوو وا بــڵێ چونــکە نەیدەزانــی خوشــکی بــۆچ بەســەر ئنجانــەکەدا دەگریو بــۆ کــێ دەگری ؟ نەشی دەویست بزانێ . نەخێر ، نەیــدەزانی چــاوی فووچاوی چ کەسێك لەناو ئنجانەکەدا کەوتووەو لێوی سووری کێ تێکەڵی خۆڵی نــاو ئنجانەکە بووە .

ڕۆژێکیان کە پەری بچکۆلانە چووە ژوورەوە بینی کچە سەری لار کردۆتەوە سەر ئنجانەکەو وەکو ئنجانەکە خەوی لێکەوتووە . بە نەرمی چووە ناو گوێیەوە . باسی ئەو ئێوارەیەی بــۆ گێڕایەوە کە لە ژێر چەپەرو پاچەکەدا ، لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بوو . باسی گوڵی جــوانو پەری نازداری بۆ کرد . کچە کەوتــە خەوێــکی خۆش و بەدەم ئەم خەونــە شیرینــەوە گیــانی سپارد . بــە هێمنــی مــردو چــوو لەگــەڵ خۆشەویستەکەی لە بەهەشــت بەیــەك شاد بوون .



Scanned with CamScanner

گوڵەیاسەمەنەگانیش بۆ کچە گریان ٠ زۆر گریان ٠ گریانی ئەوان بەو جۆرە بوو کە پەلکی پانیان والا کردەوە و بۆنی خۆشیان بلاو کردەوە ٠

برا بەدکارەکەی کە چاوی بەو بنەیاسەمەنە کەوت زۆری پێجوان بوو ٠ هەڵی گرت و ئەو میراتەی پاش خوشکی بردە ژوورى خۆی و لەسەرینگانی خۆی دانا ٠

گوڵەکان ئەوەندە جوان بوون هەر زێنەت بوو تەماشایان بکەی٠ جا گوڵ ـ پەری ، لەگەڵ گوڵەیاسەمەنەکەدا چووە ژوورەکەی دی ٠ لەناو گوڵەکان یاری دەکرد ٠ بازبازۆکەی دەکرد ٠ گوڵەکان هەموو روحدەبەر بوون ، زیندوو بوون. پەری پێداهات یەك یەك باسی خۆشەویسی کچەی بۆ گێڕانەوە ، چۆن بە دەستی برای بەدکاری کچە بە کوشتن چوو ، چۆن کچەکە سەری هێنایەوە و خستیە ناو ئنجانەکە و ئێستا کەللەی تێکەڵ ئەو خۆڵە بووە کە تێیدا ڕواون ٠

گیانی گوڵەکان سەریان لەقاند و گوتیان:

«خۆمان دەیزانین ، خۆمان دەیزانین • مادام ئێمە لە چاوو لیـوی جوانەمەرگەوە رواوین ، خۆمان دەیزانین • »

گوڵپەری ، نەیزانی ئەو گوڵانە بۆ هێندە هێمن و لەسەرخۆن •

فڕی ، چوو ، دیتی هەنگ بەسەر گوڵانەوە بوون هەنگوینیان کۆ دەکردەوە • چـووە بـن هەنگلیـانەوە • چیـرۆکی برابـەدکار و ناپەسندەکەی بۆ گێڕانەوە • هەنگەکانیش بـۆ شاژنی خۆیان گێڕایەوە • ئەویش فەرمـانیدا سبـەینێ زوو بچنـە سـەرکابرای تاوانبـارو بیکوژن •

بۆ شەوێ ، کە یەکەم شەوی پاشمەرگی کچـە بـوو ، بـرای بەدکار لـە تـەك بنەگوڵەیاسەمەنەکەدا لەناو جێو بالینگانی خۆی درێژ بوو خەوی لێکەوت • لەوکاتەدا گوڵەکان کاسەی خۆیـان کردەوە • گیانی ئـەو گوڵانە هەموو دەست بە ڕمی ژەهـراوییەوە هاتنـە دەرێ • خۆیانی پیشانی کەس نەدا • چوونە ناو گوێی کابراو خەونی جڕناو فڕناویان پێبینی •



Scanned with CamScanner

ئنجا بەسەر لێوی دا فڕین و ڕمی زەمراوی یان لە زمانی چەقاندو گوتیان :

« ئاوها تۆڵەی خۆمان دەکەینەوە ! »

پاشسان گەڕانـەوە نـاو گولەسپی یەکانی خۆیانەوە ٠

بۆ بەیانی ، کت و پڕ پەنجەرەی ژووری کورە بووەوە. گوڵپەری و شاژن، شەرغە مەنگینیان بـە دواوە بـوو خۆیـان کـرد بـە ژووریدا ٠ چوون بۆ ئەوەی بە کابرا وەبدەن و بیکـوژن و تۆڵەی لێ بکەنەوە ٠ بەڵام تا ئەوان چوون کابرا فـەراقی لەبـەر بـڕا بـوو ٠ خەلکێـکی زۆر داوەرابوو نە ژووری ٠ دەیانگوت : « ئەم پیاوە بەبۆنی یاسەمەن مردووە ٠ »

گوڵپەری تێگەیی گولەکان دەستی خۆیان وەشاندووەو تۆڵەی خۆیان کردۆتـەوە ٠ ئـەو خەبەرەی بە شاژن راگەیاند ٠ شاژنیش بە خۆی و بەشەرغە مێشەوە ، گیزەگیز لەدەوری ئنجانەکە سووڕان مێشەنگوینەکان بە هیـچ شتێك لـە ئنجانـەکە دوور نەدەکەوتنـەوە ٠ کابرایـەك دەستی درێژکرد ، ئنجانەکەی بلندکرد ، ویستی



Scanned with CamScanner

بیبانە دەرەوە . هەنگێك بەدەشتی وەدا . کابرا ئنجانەی لە دەست کەوتە خوارێ ، پارچە پارچە بوو . تەماشایان کرد ئنجانەکە کەللە سەرێکی سپی تێدا بوو . بەمەوە زانییان کابرای مردوو تاوانبارو پیاوکوژ بووە .

شـــازنی هەنگەکان فـــڕی چـــووە دەرەوە ، گیزەگیز . گۆرانی تـــۆڵەسەندنەوەی گوڵەکانو گوڵپەری گوت . ئـــەو گۆرانییەی گوت کـــە هەموو پەلکەگوڵێك پەرییەکی وای تێدایـــە هەموو کەتنو تاوانێك ڕسوا دەکاتو تۆڵەشی دەکاتەوە .

لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە :

HANS ANDERSEN'S FAIRY TALES.
( A SELECTION )

Translated From Danish By :
L. W. KINGSLAND

London University Press.
1959

Scanned with CamScanner

لەکتێبخانەی نیشتیمانی بەغدا
ژمارە ١٠١٧ی ساڵی ١٩٧٩ دراوەتێ

٣٠٠٠ دانە لەم کتێبە لە چاپ دراوە
لێبونەوە لە چاپ ٢٢/٧/١٩٧٩

Scanned with CamScanner

نرخی (٢٠٠) فلسه

چاپخانەی „الحوادث“

بـەغدا - ١٩٧٩

Scanned with CamScanner